ژیانی کوردەواری

دانانی : توما بوا
لیکۆلینەوەی : عبدالرقیب یوسف

کتێبی ژیانی کوردەواری بێ دانەری فرنسی تومابوا یە بەرێـز کاك حەمـە سەعیـد حەمـە کریم لە عەرەبی یەوە کردوویەتی یە کوردی ولە ساڵی 1980 ولە 289 لاپەرەدا (دەزگـاری رۆشنبیـری و بلاوکـردنـەوەی کوردی) چاپی کردووە. بێ گومـان ئەم کتێبـە زور بە نرخـە چونکـە زانیـاریـەکی زۆری تێـدایـە دەربـارەی : رەگەزی کوردو ژیـانی کۆمـەلایـەتی لە کوردستـان و ، ئایین و ئەدەبی کوردی هەنـدێـك مەوزوعی تریش . توما بوا هەندێ لەو زانیـاریـانـەی لە سەرچـاوەکـان وەرگرتووە وهەندێکیش لە کوردستـان بەخـوی ، هـندێك جاران زانیاری زور وردی تێـدا دەکـەوێتـە بەرچاو کەجێگەی رێزگرتنە بەلام هندەك شتی کزیش دکـەویتـە بەرچـاو کە لەم هەڵسـەنگـانـدن و لێکـۆلینـەدا هنـدەکیـان دیـار ئەبن . دەزگـای روشنبیری و بلاوکـردنەوەی کوردی داوای لێ کردم کە هەڵسەنگاندن و لێکـۆلینێـك بنـووسم دەربـارەی ئەم کتێبـە بەلام لە بەر نە بوونی کات نەم توانی کتێبـەکـە هەمـوی بەوردی بخوێنم تەنیـا (100) لاپەرەم لێ خوێندەوە وتێبینیەکانم پەیوەندی بەم سەد لاپەرەوەیە کە دەگاتە کوتایی بەشی چوارەم ، ئیتر داوای لێ بوردن ئەکەم.

تیبینی ورەخنـەکـانمـان هەمووی ناگەرێتەوە وەرگێری کوردی بەلکـو هـنـدەك لەو رەخنـانـە لەوەرگێـری عەرەبی ئەگرێ وهندەك لە دانەریش :

1 ـ ئەوەی بۆم روون بووە لە خوێـنـدنـی ئەم (100) لاپـەرەیـە ئەوەیە کە دەبوو وەرگێر وردتر ئەم کارەی کردبایەو ناوی شارو جێگـایـەکـانی راست کردبـایەوە چونکە ناوی زۆریـان لێ تێك چووە کە بەلاتینی نوسراوون یان بڵێن لە ئەسلە فرەنسی یەکـەیـدا بە هەڵـە هاتـوون ، ئەگـەرچی ئەمـەش پێـویستی یەکی سەر شانی وەرگێری عەرەبی یەکە بوو. بۆ نمـوونـە ئەگـەر یەکێـك لە منی پرسیـاو بیگـوتبـا (مالاتای) لە کوێیە من وەلامم نە ئەزانی ، یان دەم گوت شاری (مـەرتیـا) ـ مەلـەتێی ـ ملطیـە) یـە کە شارێکی گەورەی کوردستـانی تورکی یە ونەم ئەزانی مالاتای (مەلتا ـ ملطا) یە لە نیزیك دهوك کە زۆر جارم دیتوە . ئەگەر یەك زۆر شارەزای مێـژ وو جوغرافیای کوردستان نەبێ نازانێ (گـارزان)(1) (وکیماە) لەکوێنە ؟ تا ئێستا دانەرو وەرگێرە کوردەکـان بە شێـوەی گشـتـی بایـەخ نادەن بە ناوە مێـژ وویـەکـان و ناوە جوغرافیەکان هەروها ناودارەکانیش خۆیـان مانـدوونـاکەن وەکو دانەرو وەرگێرە عەرەبەکان بۆ روون کردنی ئەو ناوانـە بە پەراوێـزی پر سوود ، ئەمـەش بەلگەیەکە بۆ دوا کەوتنمان وسادەیی کتێبەکانمان لە بارەی شێوەی ئەکادیمی و بەحسی علمی یەوە.

2 ـ وەرگێـری کوردی یـەکـە دەسکـاری ناوی کتێبـەکـەی کردووە لە «مـع الأکـراد»وە کردوویـە بە «ژیـانـی کوردەواری». ئەوەی راستی بێ دەبـوایـە بنـووسێت « لە گەڵ کوردەکـــان» بەبێ دەسکـاری کردن ، هەروەکـوو دانەرەکەی : (تومابوا) ئەم ناوەی لێ ناوە بۆچی دەسکاری ناوی کتێبی خەڵـك بکـەین وبیگـۆرین بە تەواوی و یان هندێکی لەسەر زیاد بکەین؟ وەکو بەرێز کاك سەعید ناکام کە بەرگی چوارەمی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی وەرگێراوە بۆ کوردی وها لە سەری نووسیوە

«کورد لە مێژ ووی دراوسێکان دا.
سیاحە تنامەی ئەولیا چەلەبی».

من ئەم جۆرە دەسکاری کردنە بەراست نازانم، هەروەها وەرگێر کاك حەمە سەعید دەسکاری ناونیشانی بەشی سێیەمی کتێبەکەشی کردووە : «کیف یعیش الأکراد» کردووە بە «ژیانی کوردەواری».

3 ـ لە ل 14 دا دەربارەی بەرزایی شاخی (نەمرود) (3000م) هاتووە لە باتی (3200م) تەماشا تەرجەمەی عەرەبی ل (3) بکە دوورنییە هەڵەکە چاپی بێ ، لەگەل ئەمەش لە هێندێك سەرچاوە تورکییە نوێیەکاندا بەرزایی ئەم شاخە لە (3050م) تێپەر نابێ وەکو کتێبی :

HUSEYIN SARACOOGLU :

TURKIYE COGRAFYASI UZERINE ETUDLER DOGUANADOLU

بەرگی (1))، ل 259 استانبول 1956 . دوورنییە دانەر بەخۆی لە بەرزیی شاخەکان دا راست بۆی نەچوبێ وەکو شاخی (ئارارات)کە نووسیویە (5000م) کە لەراستیدا (5165) مەترە یان (5168) مەترە هەروەکو شاخی (سیپان) ئەوەی ئەکەوێتە سەر قەراخی (دەریاچەی وان) راسەری شاری (ئەلجەواز)ێ نووسیویەتی بەرزایی (3500م) بەلکو ئی راست ئەوە کە بەرزترە و (4434م) هەروەکو لە هێندێك سەرچاوە تورکی بە نوێیەکاندا نووسراوە. هەروها شاخی (جودی) لە باکووری زاخۆ و لە رۆژهەلاتی جزیرا بۆتانە کە بە (2000م) بەرزی داناوە بەلکو بە (89م) لەمەندە زیاترە، هەروەکو لە سەرچاوە تورکییە نوێیەکاندا هەروها نووسیوە کە پیرەمەگرون (3000م) بەلکو بەلای کەمەوە (500م) زیادترە ولە هەندێك سەرچاوەدا ئەبێ بزانین کە جیاوازی دەبێ بە چەند مەترێك ویان شتێکی کەم لە نمرەی بەرزایی جێگە جوغرافیەکاندا لە سەرچاوەکانی نوێش دا. تێبینی یەکی تریشمان ئەوەیە کە باشتر بوو دانەر توماببوا دیاری کردبایە کە مەخسەدی بە شاخی «نەمرود» کام شاخە ؟ چونکە دوو شاخ لە کوردستان بەم ناوە هەیە یەکەم نەمرودی رۆژهەلات کە ئەکەوێتە نك دەریاچەی وان نیزیك شاری (تەتوان) ولە روژ هەلاتی (بتلیس)کە لە سالی (1441) زایینی دا (بورکان)ی لێ هەستاو لە ماوەی (300کم) دیاری ئەکرد. لەسەر شاخەکە دەریاچەیێك هەیە (6000متری دووجایە) دورنییە لە دەمی بورکانەکەدا دروست بووبێ. لە هاوینی 1977دا کەچووم بو ئەو ناوچەیە بیستم کە ئێستاش هەلم لە جێگایەکی هەلدەستێ شاخی (نەمروود)ی تر بابلێین نەمروودی رۆژئاوا دە کەوێتە رۆژئاوایی رووباری فورات لە ولایەتا (ئەدیەمان) لە ناحیێ (سینجك) بەرزایی (2000م)ە زۆر هەلکەنراوی گەورە گەورە گەورەی دەولەتی کوماگەن Kommagen (69) پێش زایینی تا 38 زایینی لە سەرە وهادیارە کوردەکان بەخۆرایی ناوی ئەم دوو شاخەیان نەکردووە بە «نەمروود». جا دەبایە توماببوا دیاری کردبایە کە نیازی بە شاخی نەمروود کامەیانە. من وا هزر ئەکەم کە نیازی نەمروودی رۆژهەلات بێ لە بەرپلەی بلندایەکەی.

4 ـ لە ل 17 لە پەراوێزدا ئاواز زەنگەنە دەربارەی ناوی «بێنگول» ئەلێ مانای هەزار گۆمە ویان هەزار گولە بەلام راست ئەوەیە کە مانای هەزار گۆمە چونکە لە ناوچێ بینگول دا یەك گۆمی گەورە هەیە وەکو دەریاچەیەکی بچکۆلە بە تورکی پێ ئەلێن (GoL BeHRi) و زور گۆمی بچووکیش هەیە وشەش رووبار لێ هەلدەقولێ ولە ئەفسانەکانی ئەرمەنی دا بەهەشت کە لە ئینجیل دا هاتوە بینگولە ئیتر لە بەر ئەمە پێی ئەلێن بێنگول هەروەکو لەم سەرچاوە تورکییە دا هاتووە : HAYAT : TURKIYE ENSIKLOPEDISI8 ل (286) سالی 1970 . هەروها (دائرة المعارف الاسلامیە)ش باسی «بینگول» دەکات. بینگول یش ناوێکی نوێ نییە بەلکو بەلای کەمەوە لە سەدەی شانزدەهەمدا هەبووە چونکە شرفخانی بتلیسی مێژ وونووس ناوی لە (شرفنامە ل 464)دا هێناوە . (چاپی قاهرە بێ فارسی) بە لام لە سالی 1945 دا ئەم ناوە لە شاری (چەپەقچور) نرا چونکە بۆچەق (مرکز)ێ ولایەتی بێنگول کە جاران تەنیا ناوی ناوچەکە بووە لە فۆلکلوری کوردیشدا ناوی بینگول زۆر هاتووە.

5 ـ ل 27 : دانــەر ئەڵــێ لە كوردســتــان داری سەروو سنەوبەر (نادر) نییە . . من ئەمە بەراست نازانم بەلكو زۆر كەمەو تا ئێستا نەمان زانیوە داری سنوبەر هەبێ لە غەیری سێ جێگــە لە كوردســتــان . . زاویتــەو ئەتــروش لە . ناوچــەی بادینــان و(گــەلێی بێنــات) لە ناوچەی (بۆتان) . (3) دەربــارەی بوونی درەختی سەرویش نەم زانیــوە كە هەبێ بەلكو هەڤرست (عرعر) هەیە كە لە فەسیلەی سەروە .

6 ـ لە (ل 7 عەرەبــی)دا دەربــارەی مەعــدەنــی مس لە كوردستــان دا هاتــوە : «وقد وجـد منه ایظ في پالو (PALU) في ضواحي وان عقـره» . (واو)ێ عطف لیـرە دا كەوتوە ، راستی‌یەكەی ئەوەیە . «. . . وفي ضواحي وان وعقره» وا دیــارە وەرگێـری كوردی كاك حەمـە سەعیـد هەستی پێ كردوە وخوی لە هەڵەكە رزگار كردوە تەماشا ل 23 بكە .

7 ـ لە ل 27 دا ناوی «كیمیـاە» هاتــوە بەخــەلــەتی لەباتی «كیمــاە» لە ل 7 عەرەبییــەكــەیــدا مەخســەدی شاری (كــەمــاخ)ە كە مەركەزی قەزاییكی ولایەتی (ئەرزنجان)ە لە كوردستــانی توركییــە دا ودەكــەوێتــە سەر رووبــاری (قەرەسو) كە لقێكی رووباری فوراتە ، هەروها دەكەوێتە رۆژئــاوی ئەرزنجــان ولــە سالی 1965 دا نیشتــوانی (1800) كەس بوو . مەعــدەنی قورقــوشم (رصــاص)و چەنـد مەعـدەنێكی تری لێ هەیە . ناوی كیماە یش هەر راست نیـە ودەبێ لە توركی وەرگیـرابێ بەلام پێویست بوو چی وەرگێــری عەرەبی و چی وەرگێـری كوردی راستیـان كردبــایــە وجێگــاكــەشیــان دیــار كردبــایــە بۆئەوەی ناوی شارەكــانی كوردستــان بە خەلــەت نە كەونــە بەردەستی خوێندەواری كورد . هەروها دوور نییە (گیچی)ش كە لە كتێبەكەدا هاتووە (گەنج)بی كە قەزاییكی بێنگولە .

8 ـ لە ل 24 دا = ل 7 عەرەبی خوشكــە ئاواز لەپــەراوێزدا نووسیــویــە : «ایـلازك اسم مدینه تركیة أي العزیز» ئیتر وەرگێری كوردی گوتووە : مانای خوشەویستی‌یە . وادیارە [1] مەبــەستی تێنــەگــەیشتــوە كە ناوی شارەكــە بە كوردی «ئەلعەزیز»ە .

ئەلعــەزیــز بە پینـج كیلۆمــەتــر نیــزیــك شاری خەربوت ـ (خــربــوط ـ حصن زیـاد) هاتــوە ئاواكــردن ومــەركــەزی ولایەتێكی كوردیی گەورەیە .

9 ـ لە (ل 34 دێــری 12)دا هاتــووە دەربــارەی بە خێــو كردنی ئاژەل لە كوردستانی كۆن دا ناوی «كاور» كەوتووە كە لە ل 13 عەرەبی دا « خروف» هەیە وبە كەوتنی مانای عبــارەتی كتێبــەكە تێك ئەچێ دەبووهابایە « . . . بەلام كاور لە بەرگۆشتــەكــەی» هەروەهــا ئەگــەر (غنم) لە باتی خروف لە عەرەبیەكەیدا هاتبایە جوانتر بوویانی فەصیح تر بو .

10 ـ لە (ل 35 دێری 9) دا هاتووە «شارستانێتی ئەكەدی لە نازو لە یورغان تەپە لە سەر یای نەزیر لە پیرەمەگرون كە كەشتی یەكــەی گلگــامیش لێ وەستــا دیــارە» . لێرەدا ئەم تێبینیان مان هەیە .

أ ـ ناوی (كــركــوك (عــرفــە)ی) لێ‌فــرێ دراوە چونكــە لە عەرەبی دا وهایە : «الحضارة الأكدیه موجودة في كركوك (عرفه) في نازو (NAZU) یورغان تەپە وعلی جبل نزیر في پیرەمگرون حیث أوقفت سفینه گلگامیش . »

ب ـ ئامــرازی لێكــدەر (حــرف العطف) لە عبارەتە كەوتوە چونكە ئەبا وهابایە « . . . لە یورغان تەپەو لە سەرچیای نەزیر» .

ج ـ دەبــوایــە دانــەر گوتبــای كەشتی‌ی نوح چونكــە كەشتی‌یــەكــە بێ گلگــامیش نییە بەلام گلگامیش لە نوح (اوتــونبشتم) گەراوە بۆئەوەی نهێنی‌ی ژیانی پێشانی بداو بۆئەوەی مرۆڤ هەر زێندوو بمێنێ لە سەر رووێ زەمین .

ناوی شاخی نەزیر (نصیر ـ نسیر) لە ولاتی گوتو (كورد) لە مەلحــەمــەكــەی دا هاتــووە وهنــدێــك لە زانــایــەكــانی ئەركێولۆجی بە شاخی پیرەمەگرونیان زانیون . تەماشا ئەم كتێبانە بكە : محمد امین زكی / تاریخ الكرد وكردستان ل 88 ، طە باقـر و فؤاد سفـر / المرشد الی مواطن الآثار والحضــاره : الـرحلە الـرابعـة ل 28 ، و احـمـد سوسـە فیضــانــات بغـداد في التاریخ ب 1 ل 160 ، ئەوەی كە تومــا بوا گوتــویەتی لە (ل 3 عەرەبی)دا كە كەشتی‌یەكە لە

سەر چیای (ئارارات) نیشتووە ئەوە بەپێی قسەی (تەوراتە)، وکەشتی وچیای (جودی) ئەوە هەر بەناوبانگە وهەندێکیان هەر چیای «نسیر» بە جودی دەزانن.

د ـ دانەر لەو عبارەتەی خویی پێشودا بە هەلە چووە چونکە ئەو شارستانیەی (نوزی) لە یورغان تەپە نیزیکی کەرکوك هێ (ئەکەدی)یەکان نەبووە بەڵکوی (حوری ـ خوری)یەکانە لە نیوەی یەکەمی هەزاری دووەمی پێش زایینیدا، حوریش (حیتانی) یەکانی رۆژهەلات بوون و لە نەتەوە کۆنەکانی کوردستانن، نوزی کە لە هەزاری سێیەمی پێش زایینی ناوی (کاسور) بووپایتەخت ویان مەرکەزێکی گەورەیان بووە (5000) کلیشەی مسماری لێ دۆزراوە تەوە دەربارەی بازرگانی، وقەرز، باج و، ژن هێنان و، یاساو، بریارەکانی دادگا، دزی وە تابگرە لیستەکانی رۆژانەی کرێکارەکان بەلام بە داخەوە ئەم گەنجینە مسماریەوئەوباسانەی لە رۆژئاوا لەم بارەوە بلاوکراونەتەوە تائیستا نەك هەر بۆکوردی بەڵکوبۆ عەرەبیش تەرجەمە نەکراون و بەشیکی زۆری مێژومان لا ئاشکرا نیە ئەوەی بابەتی گوتنە (شمشارە)و (باسموسیان)یش لە دەشتی بتوین لە رانیە گرنگی حورییەکان بوون (5) ئیتر دیارە تومابوا لێرەدا زور بە هەلە چورە ویەك لە هەردوو وەرگێرەکانیش ئەم هەلەیەی راست نەکردوتەوە. بو ئەم مەبەستەش تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

جورج کونتینو / الحیاة الیومیة في بلاد بابل وآشور ل 155 ـ 156 وەرگێری سلیم طه التکریتي وبرهان عبد التکریتي 1979. مەزوعی (الأعمال التجاریه في نوزا)، سبتون لوید، آثار بلاد الرافدین ل 171، 206، وەرگیری سامی سعید الأحمد 1980، محمود الأمین / الکاشیون ل 25. 1963، ئی. م. دیاکونوف / میدیا ل 155 ـ 156 بە زمانی کوردی وەرگێرانی برهان قانع 1978، المرشد ـ الرحله الرابعة ل 11، هەروها گوتارێکی ئێمە بەناوی: «کردستان ومکتبة نوزی الأثریه وأقدم خریطة طوبوغرافیه معروفة» لە التآخي 21 شباط 1974

11 ـ ل 36 دێری 7 ووشەی «میتانی» بوویتە «میتالی».

12 ـ لە ل 36 دا هاتووە کە سەرۆکەکانی (کاشی) کە لە رەگەزی کورد بوون (ویان بلێن کوردەکانی لور کە ئیحتمالیکی نیزیکە) ودەوری (500) سال حوکمرانییان لە عراق کردووە ـ «سەرۆکەکانیان لە گەل میتالی (بەڵکوو میتانی) یە کانـدا لە دەوروبەری سالی (450) دا کچە کانیان بەژن و ژن خوازی شوویان کردوە بە فرعەونەکان». دو خەلەت لێرەدا هەیە:

أ ـ مێژووی (450) خەلەت دەبێ (1450) پێش زایینی بێ.

ب ـ وا دەزاندرێ کە فرعەونەکان سەرۆکی میتانیەکانن.

هیچ گومانێك نیە کە هەندێك لە عبارەتی دانەر لە تەرجەمەی عەرەبی دا کەوتووە ویان شلەژاوە چونکە عبارەتەکە وهایە «وکان رؤساؤهم قد تصاهروا مع المیتانیین حیث تزوجت الفتیات من الفراعنه نحو عام 450» و دەبی مەخسەدی تومابوا ئەمەبێ کە کاشییەکان خزماتییان لە گەل میتانیەکان (کە دەولەتیان لە باکووری سوریادا بووە ولە گەل فرعەونەکانی (میصر) لەو مێژووەی سەرەدا پەیداکردووە. دەربارەی خزماتیی کاشی وفرعەونەکانی میصر لەهەندێك سەرچاوەدا هاتووە کە (امینوس ێ سێیەم 1413 ـ 1377 پ. زا) کچی (کریندااش)ێ سەرۆکی کاشییەکانی هێناوە (تەماشای کتێبی (الکاشیون ل 9) بکە) دوورنییە مەخسەدی تومابوا ئەم خزماتیەبێ بەلام مێژووەکە هەندێك لە پێشە.

ج ـ وەرگێری کوردی مێژووی (450) لە دوای فرعەونەکان هەلگرتووە وپێشی خستوە ولە دوای میتانی یەکانی داناوە، ئەمەش خەلەتی پەیدائەکات.

13 ـ لە ل 36 (= ل 15 عەرەبی) دا: «دەربەندی وامکان» هاتووە یانی بەپیتی (واو) بەلکوو یاراست «دەربەندی امکان» ە بەپیتی (رێ) مەبەستیشی (دەربەندی رانیە) یە. لە بەرئەوەی کە کورد ئیستا پێ نالێن دەربەندی رامکان ئیتر نازانم ئەم ناوە چۆن وکەی کەوتوتە نێو کتێب؟ هێندە ئەزانین کە (دبلیو. آر. های)

ئەم ناوەی بەکار هێناوە لە کتێبەکەیدا : (سنتان في کردستان ب 1 ل 174 کە فؤاد جمیل لە 1973 کردوویە بەعەرەبی وکتێبەکەش بە ئینگلیزی لە ساڵی 1921 دا چاپ کراوە ، ئیتر نایزانم ئەوە یەکەم کەس بووە بۆجاری یەکەم ئەم ناوەی خستۆتە نێو کتێب ، یان نا؟ لە پاش ئەو ئەم ناوە لە چەند کتێبەکی تریش دا ئەبینین وەکو (کرد ، ترك ، وعرب ل 196) یێ ئەدموندز کە هندێك زانیاری لە «های» وەرگرتوە دەربارەی رانیە بەلام بخوش چووە لە ئەم دەربەندە کە پادگانی ئینگلیزەکانی لێ بو ، هەروەها طە باقرو فؤاد سفر بە ناوی دەربەندی رامکان ورامکەوە) ناویان هێناوە لە (المرشد ـ الرحلە الرابعة ل 33 وهەروەها هندێکی تریش . ئەمانە هەموویان ئەگەرچی نەیان گوتووە مانای (رامکان) چی‌یە بەلام وابۆم دەردەکەوێ کە ئەم ناوە لە ناوی عەشیرەتی «رەمك»ە وە هاتبێ چونکە خەلکی دێ دەربەند بەخۆی لەم عەشیرەتەنە هەر وکو ل دێ قورەگۆ ، تۆیەکاران ، وهندێك دێهاتی تریش هەن . ئەوی بابەتی باسکردنە لە دێ قەلاتوکە وئەبوبەکر لە پشت سەنگەسەر لە ناوچەی مەنگوران گردێك هەیە بە ناوی «گردی رمکان» .

ئەوی بابەتی ووتنە لەم دەربەندەدا شارێکی کون هەبووە لە ساڵی 1973 دا من ئەم شارەم دۆزی یەوە کە شوورەکان و قوللەکانی . . . بە ئەرزەوون تەخت بوون (6) .

14 ـ ل 36 دانەری کتێبە کە بە هەڵە چووە کە هەلکەنراوی حریرو باتاس بە یێ ئاشووریەکانی زانیوە چونکە زانایانی ئەرکیولوجیا بە هي ئەوانیان نەزانیوە چونکە شێوەی بە یێ (فرثی) یەکان ئەچێ (248 پ زا ـ 226 پا زا) تەماشای المرشد ـ الرحلة الخامسة ل 13 بکە .

15 ـ ل 38 «سیکرازی» هاتوە لە باتی «سیکزار» کە ناوی پادشایەکی میدی یە .

16 ـ ل 39 دانەر : تومابوا عراقی بە میدیای گەورە ژمار دووەکە ئەمەش راست نییە بە گوێری هندێك لە سەرچاوەکانی مێژ ووی کۆن بەڵکو کوردستانی عراق یان بەشێکی لە میدیای گەورەیە : کە ئەزربێجان تا هەکاری وتانیزیك هەمەدان وولەم لاوەش تا هندێك لە کوردستانی باشووری گرتوەتەوە میدیای بچووکیش لە هەمەدان و تا کێوی ئەلبورزو(قوم) بووە . (تەماشای کتێبی بەرنرخی (میدیا) بکە ل 127 ـ 145 دانایی دیاکونوف) هەروەها لە گەڵ تەعریفی (مەروخ)یش (7) ناگونجێ ، ئەگەر گوتبایە (عیراقی عەجەم) راست بو

17 ـ ل 41 وەرگێری کوردی « ساری ـ بول»ی کردووەبە (شاری بول) وئەمە راست نیە چونکە مەخسەد بە ساری ـ بول «سەر پول»ە یانی سەرپولی زەهاو ودەبایە خوشکە ئاواز زەنگەنە ئەم ناوە راست بکا تەوە بۆ ئەوەی خوێندەوار بیزانیبایە چییەو کوێیە . دانەر ئەڵێ ئەشکەوتی (دوکانی داود) لە لای (سەرپولی زەهاو) لە ئاساری میدیەکانە . مردوخیش باسی دوکانی داودی کردووە لە مێژ ووی کوردو کوردستان ل 77 دا .

18 ـ ل 43 ناوی «ارتاکسیرس» بوەتە « ارتاکسیری» دوورنییە هەڵەیەکی چاپی بێ .

19 ـ ل 43 ناوی «ئورارتو» بووەتە «تورارتو» دوور نییە ئەمەش هەڵەیەکی چاپی بێ .

20 ـ ل 46 ژمارەی (598) کەوتوە کە لە ل 22 تەرجەمەی عەرەبی دا هەیە ئەمەش ژمارەی ئەو کوردانەیە کە (هنری ڤیلد) تاقی کردنەوەی زانستی ڕەگەزی لە سەر کردوون ، جێگەی ژمارەکەش دێری (20 ـ 21)ە بەلام ژمارەکە نیە .

21 ـ ل 53 . وەرگێر کاك حەمە سەعید ووشەی «گامری» کردووبە «مانگایێ مردوو» و(گاویستی) کردوەبە (مانگایی ماندوو) «گاویستی» ش راست نییە بەڵکو « گاوەستی» یە ئەگەرچی «أبقار میتة» و«أبقار تعبة» هاتوە لە عەرەبییەکەیدا بەلام ئەبایە هەر بەوشێوەیە لە کوردی بۆ کوردی وەری نەگێرایە ، چونکە لە کرمانجی سەروودا (گا) هەر (گا)یە ومانگا «چێلەك»ە وئەگەر مەخسەدیان مانگابایە ئەگوتن (چێلەك وەستی) . . دەبارەی (BAMiri) کە

وەرگێری عەرەبی گوتوە یانی (آباء أموات) ـ نەم بیستووە ئەمە هەبێ بەلام هەردو گوتنی تر هەیە .
22 ـ ل 55 تومابوا ئەلێ (دووکەلْ کێش) لە خانووی کوردەکان دا نییە . من ئەمە بەنسبەت هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە بەراست نازانم چونکە لە هێندەك ناوچەدا هەیە وریەك وپێکیشە وپێی ئەلین (کولینك) وەکو ناوچەی بوتان.
23 ـ ل 55 وەرگێر «حور» گۆڕیوە بو «چنار» بەلکە یاراست «سپیندار»ە ناوی چنار لە کتیبەعەرەبیەکان دا (دلب ، صنار ، ضرا) هاتوە هەروەها «جنار»یش هاتووە تەماشا ئەم کتێبە پزیشکی یە بکە : «تذكرة اولى الألباب والجامع للعجب العجاب ل 92) لە باسی «دلب»دا دانانی داود الأنطاکی . ئەوی بابەتی گوتنە وەرگێر لە ل 92 دا (حور)ی بەشێوەییکی ڕاست کردووە بە (سپی‌دار) هەروەها لە ل 55 دا ووشەی «لبن» کە بەخەلەتی لە باتی «تبن» هاتووە لە تەرجەمەی عەرەبی دا ل 27 دا ـ سەراست کردوە ووەرگیراندووە بو «کا».
24 ـ ل 58 «سرير حديدي» کە لە ل 27 عەرەبی دا هاتوە ـ گوراوە بۆ «جێگایەکی نوستن» ئەمەش ناگونجێ هەروەها ناگونجێ لە گەلْ مەبەسی دانەر چونکە نیازی ژماردن و باس کردنی شتومەکی نێو مالە دەولەمەندەکانی شارەکانە یەك بە یەك وەکو دولاب ، قەنەفەوکورسی وتەختی ئاس ، بەرە یان مافور . . ئیتر دیارکردنی هەر شتێك بە ناوی خوێەوە پێویستە بۆئەوەی بزانرێ شتومەکی نێومال چی‌وچی‌یە لەوکاتەدا وبۆئەوەی بزانری کە تەختی ئاسن یان قەروێلە کەوتوتە جێگەی تەختی داری جاران و گۆڕیێك پەیدابووە لە هەندێك شتومەکی نێو مال.
25 ـ ل 58 «قدر أو اناء كبير» تەرجەمە کراوە بە «قاپلەمە ویان قاپێکی گەورە» . بەلای منەوە دەبایە «وەری گێرایە بە » «مەنجەلْ یان مەنجەلی گەورە» چونکە مەبەستی تومابوا ئەوشتەیە کە تێشت تێیدا دێتە کولاندن کە کورد لە ناوچەی سلێمانی وزۆر ناوچەکانی تری کوردستان بەو شتە ئەلێن (مەنجەل) وپێ نالێن (قاپ ـ قاپی گەورە) چونکە قاپ جودایە وەکو قاپێ کەتێشت تێیدا دە خورێ بەلام قاپلەمە بۆمەنجەلی بچووك ئەگوترێ لە هندێك جێگادا . هەروکو من لە چەند مسگەرێکی سلێمانی م پرسیوە وکووەستا نوری حاجی سعید وەستا حسین وەستا حەمە رشید .
26 ـ ل 58 «طاس»ی بە «لەگەن» تەرجەمەکردووە . طاس ئەگەرچی بۆبچووك وگەورەش دەبێت بەلام لەگەن تا جامی ئاو خواردن .
تەماشە : محمد التونجي المعجم الذهبي پیتی «ط» بکە بەلام لێرەدا مەبەسی دانەر لەگەن نییە چونکە ناوی «أطباق وصحون»یشی هێناوە کە صحون لەگەن ئەگرێتەوە لەبەر ئەمە دەبێ مەبەستی ئەو لە طاس (تاس)ە یانی جامی ئاو خواردن چ بچووك وچ گەورە.
27 ـ ل 58 : دانەر لە نێوشتومەکی مالی دەولەمەندەکانی شار مووشە دەمەی (منفاخ) هیناوە بۆگەشاندنەوەی ئاگر . من باوەر ناکەم شتی‌وا هەبێ بەلکو ئاسنگەرەکان مووشەدەمە یان هەیە وئەگەر هەبێش ئەبێ زۆر زۆر کەم بێ بە شێوەیەك کە ئەبایە بە زور کەمی لە قەلەم دا بایە .
28 ـ ل 28 لە تەرجەمەی عەرەبی ووشەی «سماوەر» لە بەینی دوکەوان دا دانرراوە لە دوای ووشی (منقله) یانی منقله بە سەماوەر زانراوە ئەمەش خەلەتە نایزانین دانەر وایکردوە یان وەرگێری عەرەبی ؟ دەبایە وەرگێری کوردی باسی ئەمەی کردبایە وگوتبای مەنقەلی ئاگر سەماوەر نیە بەلام بخوی ووشەی مەنقەلی نەهیناوە تەنیا سەماوری هێناوە یانی (مقاله ـ مەنقەل) فرێداوە تەماشا (ل 58) بکە

29 ـ ل 61 وەرگێر عبارەتی «وجز الخرفان» کە لە دێری 21 ل 28 عەرەبیەکەیدا هەیە ـ نەهێناوە ونەکردوە بەکوردی ومانایش «خوری برین»ەو دبایە لە دێری (17) هینابا .
30 ـ ل 62 دا «اللبن الرائب» وەرگێراندوە بو «ماستی کۆن» بەلکو بەتەنیا مانای «ماستە»ە ئیتر چی کۆن وچی تازە وبەعەرەبی فەصیح «لبن» شیرە و«رائب» ماستە . لە غەیر ئەمەش ئەیزانین لێرەدا مەخسەدبێ ماستە یێ هچیی

تر چونکە که شیر گەرم ئەکریٚ بۆماست دروستکردن
کەمیٚك ماست ئەخریٚته نیٚو شەرت نیه کۆن بیٚ وئەمەیه
مەخسەدی دانەر .
31 ـ له لا 62 (= 29 عەرەبی)دا دانەری کتیٚبەکه له
باسی دروستکردنی پەنیری سپی (الجبن الأبيض دا)
تووشی هەڵەییٚك بووه ویان عبارەتی شلّژاوه چونکه ئەگەر
مەخسەدی به پەنیری سپی (شیریٚش) یانی (ژاژ ی ـ
ژاژك) بیٚ وەکوپیٚ ئەچیٚ چونکه گوتویەتی گیای بونداری
ئەخریٚته نیٚو ـ ئەوا ناخریٚته ژیٚر شتیٚکی قوری وەکو
گوتویەتی چونکه کیسەی (دۆ)ی گەرم پاش پالاندنی ویان
گوشینی خالی ئەکریٚته سەر سەبەتەییٚك بۆئەوه بەتەواوی
بپالی ئەوجا گیای بونداری ئەخریٚته نیٚووکه مەیله وشك بو
ئەخریٚته نیٚو پیٚستەوه وورده پەنیریش تیٚکه ل ئەکریٚ .
ئەوی بابەتی گوتنه (شواريز : جمع شيراز) یانی شیریٚش
ـ ژاژ ی مادەییٚك بوو له بازرگانی ی کوردستان ئەنیٚررا بو
ولاتانی دەرەوه له سەدەی دەیەمی زایینیدا وەکو قەزوان
وگەزو ، گویٚزومازیو ، پەنیر ، وخوری وچەرم ،
ئەسپ و . . . هەروکو (مقدسی) ئەلی له کتیٚبەکەیدا
(أحسن التقاسيم في معرفه الأقاليم ل 145) چاپی لیدن
1906 . بەلام ئەلیٚن مەخسەد به «ژەکی شیر ئەدەن به
گویٚرەکه» «ويستعمل مصل الحليب للعجول» که هەر
لەم جیٚگەدا هاتوه ئەلیٚن ئەگەر گوٚلك سەربەخۆشیری
دایکی بیخوٚه له روژ ی یەکەم ودوەمدا که بەوشیره ئەلین
(ژەك) ـ دمریٚ ئەگەر زۆری بیخوٚه ئیتر شیرەکەد دوش
وکەمیٚك دەیخەنه دەمی ویان تیٚکەل شیری تر ئەکەن
ئەدەنه پیٚ چونکه ژەك زورخەسته له روژ ی یەکەم و
دەوەمدا له زایینی مانگا .
32 ـ ل 65 = ل 30 عەرەبی وەرگیٚر ئەم عبارەتەی بەجیٚ
هیٚلاوه ویان باشی وەرنەگیٚراوه بۆکوردی : «بناء السطوح
المسندة بواسطه حيطان صغيرة» پیشیەکەش ئەمەیه :
«والأكراد بستانيون ممتازون فهم ينصرفون في جبالهم
مثل جميع الجبليين اللبنانيين الى بناء . . . » وەرگیٚر تەنیا
ئەمەی له باتی داناوه : «ئەمانیش له شاخەکاندا زەویٚی
کشتوکالی چاك ئامادە ئەکەن» ئەمەش بیٚ گومان مانای
ئەو عبارەته ومەخسەدی تومابوا جیٚ به جیٚ ناکه چونکه
مەخسەدی ئەوەیه که کورد وەکو لوبنانیه کان شارەزاو
زیرەکن له باغەوانیدا له دروستکردنی (باغه به
تەلانەکان)دا که ئەوجیٚگایانەی لیٚژ ن وکەم خوٚلن
وبەکەلّکی چاندن نایەن دیواری لیٚ ئەکەن به وشکەبەردو
بەخوٚلی پری ئەکەنەوه (وهندەك جار کوردەکان بەشان
خوٚلی بۆدیٚنن و تەختی دەکەن وئیتر شتی لیٚ ئەچینن
مەخسەدی دانەر بەوعبارەتەی خۆی ئەم جۆره شتەیه که
بەکرمانجی خواروویٚ ئەلیٚن (تەلان)و بەکرمانجی ژورو
پیٚ ئەلیٚن (لاتك) . ئەم جۆره باغه به تەلانه قات قات دەر
ئەچیٚ که به عەرەبی به (مدرجات) وەسفی ئەدریٚ .
دروستکردنی ئەم جۆره باغ زەوییه هەردەم به هونەری
کشتوکالی ئەژ میٚریٚ . کەچی ئەم خالّه جوانه له
تەرجەمەی کوردیدا بزر بوه .
33 ـ له ل 65 دا تومابوا ئەلیٚ : هیٚندەك له سەرداره
کوردەکان له سەدەی دەیەمدا لۆکه چاندنیان هیٚناوەته
سوریا . من ئەم قسەیه بەراست نازانم چونکه ئەگەر چی
له سەدەکانی زایینیدا یانی له پیٚش ئیسلام چاندنی لۆکه
گەیشتوٚته کوردستان ئەوەش به ئەسل له هیندەوه
وبەریٚگەی عیراق و ئیرانەوه بەلام (حمدانی) یەکانی
عەرەب له سەدەی دەیەمدا له وەلاتی (الجزيرة)و سوریا
چاندنی لۆکەیان فره کرد نەك سەرداریٚکی کورد تەماشای
ئەم سەرچاوانه بکه : آدم متر / الحضارة الاسلامية في
القرن الرابع الهجري ب 2 ل 35 وەرگیٚرانی محمد عبد
الهادی 1947 . وجاك ريسلر الحضارة العربية ل 115
وەرگیٚری غنيم عبدول هەروها کتیٚبەکەمان (حضارة الدولة
الروستکية في كردستان الوسطى ـ الجزء الثاني ل 292)
مەوزوعی (الزراعة) .
34 ـ ل 84 دانەر گوتووه دەربارەی عەشیرەته کوردەکان که
له کوردستانی تورکیه دایه : له تورکیا عەشیرەتی هەکاری
، هەرتوشی . . . هەیه . ئەوەی راسته عەشیرەتیٚکی
تایبەتی به ناوی هەکاری یەوه نیه بەلکو کۆمەلیٚك

عەشیـــرەت هەیـــە کە لە ناوچـــەی هەکـاری‌دا دەژین ،
گەورەترینیان ئەرتوشی یە . دوورنیە (زیریکان)یش
(ژیرکان)بێ .
35 ـ دانەر ئەڵێ ناوی «ئاغا» لە کوردستان دا ئەگەڕێتەوە
سەدەی هەڤـدەهـەم . بەڵام ئەمـە ڕاست نیـە چونکـە لە
سەدەی شازدەهەمیشدا ئەم وشەیە بەکار ئەهێنرا هەروەکو
لە (شەرەفنامە) دا هاتووە سیدی آغا ، عبدالرحمن آغا ،
شیخی آغـــا تەمـاشـەی ل (520 ـ 521) بکـە لە چاپی
قاهـرە بە زمـانی فارسی . (ئاغـا)ش لە ووشـەی (ئـاقا ـ
ئاقـای)ێ مەغـولی‌یـەوە هاتـوە . تەمـاشـای : د . محمد
التونجي (المعجم الذهبي فارسي ـ عربي) بکە هەروەها
(فرهنگ عمید : ووشەی «آقا» جا ئیتر ئێمە نازانین پاش
هاتنی مەغـۆڵـەکـان لە سەدەی سێزدەهەمدا بەچ ماوەیێك
ووشـــەی «ئـــاغـــا» لە کوردستـان دا بە کارهێنـراوە بەڵام
دوریش نیە پاش شەری چالدیران (1514 زا) لە ڕیگەی
تورکە عوسمانیەکانەوە لە کوردستان بڵاو بووبێ .
36 ـ ل 91 . دانـەر (تـومـابوا) ئەڵی : مافي ئاغایەتی لە
زەکـات دایـە . یانی کورد زەکـاتی ئەدەنە ئاغا . من ئەمە
بەراست نازانم . ئەگـەر رووشی دابێ زۆر کەمـە ولێرەش
دا ئەبـایـە وەرگێـری کوردی ووشی «یـاخود» زیاد نەکات
چونکـە زەکـات «دەیـەك لە دەست کەوتی گەنم و جۆیە»
ئیتر (یاخود)ی پێناوی .

37 ـ لە ل 91 (= 43 عەرەبـی)دا لە باسی باجـەکـانی
ئاغـایـەتی‌دا وەرگێـرا ووشـەی (میرانی) فرێداوە کە ناوی
ئەوبـاجـەیـە کە مقـدارەکـەی هێنـاوە کە لە (50) سەر مر
مەرێکـە . ئەمـەش خەلەتە چونکە نیازی دانەر دیارکردنی
ناوی باجـەکـانـە لەگـەل مقـدارەکـانی ودیارکردنی ناوی
باجەکە پێویستە بەڵام ئەبێ لەبیرمان نەچێ کە دورنیە ئەم
جۆرە هەلەیە چاپی بن .
38 ـ ل 92 وەرگێر ووشەی «بەرتیل» لە خۆیەوە زیاد کردوە
وبـەخـەڵەت چووە چونکە ئەو (5) مەجیدی‌یە باجی هەر
(300 ـ 500) داری سپینداره نەك بەرتیل .

39 ـ ل 92 ل 44 عەرەبـی دا هاتـوە : «وقـد فرضـت
الضـرائب . . . عن كل رأس خروف وكـل شحنـة من
الـزبـد وكـل جزة مباعة» وەرگێر «کل جزة مباعة» لە دێری
کردووتە 22 دا «هەموو شتێك فرۆشراو» ئەمە ڕاست نی‌یە
ڕاستی‌یـەکـەی ئەوەیـە کە (بـارێـك یان وجبـە خورێیك)
بفـرۆشـرێ ئاغا باجی لێ وەرئەگرێ ، دیارە لێرەدا وەرگێر
«جـزە»ی بە «جـزء» زانیـوە یان سەهـوو لە خوێندنەکەیدا
کردوە لە بەر ئەمـە کردوویەتی بە «شتێك» بەلکو «جزّة» لە
عەرەبیـدا بەمـانـای (برینی خوری) بەکار هاتووە . وابێ
دچی کەوەرگێـر مانـای «جـزة» نەزانیبێ چونکـە لە ل 93
دیـری 4 دابـە (بـزنێك) مانای لێ داوەتەوە چونکە لە پێش
ئەوە (خـــروف) هاتـــوە وهـــەروکـــو لە ل 61 خۆی لە
«جـزالخرفـان» لاداوە وفـرێیـداوە ووەکـو خالی (28) وا
باسمان کردو پێویست بوو تەماشای قاموس بکات .
40 ـ لە ل 46 عەرەبیـــەکـــەیـدا هاتـوە : «قلّت سلطـان
الـرئیس في الـوقتُ الـراهن بالتأکیـد» وەرگێر لە ل 95 دا
وهـای کردووە بە کوردی : «لـە کاتی ناخۆشیدا دەسەلاتە
کانـی سەرۆك بە تەواوی کەم ئەبـێتـەوە کە ئەتـوانـرێ
بەربەرەکانی بکرێ» .
بێ گومـان ئەمـە دووره لە مەبەستی دانەر چونکە ئەڵێ
دەسەلاتی سەروکی عەشیرەت ئێستا لەم کاتەدا کەم بووە
وهـەروکـو جاران نەمـاوە ئەمـەش شتێکی ئاشکرایە کە لە
کاتی دانـانی کتێبـەکەیدا تەواوبونی ئاغایەتی زۆر کزبووە
لە کوردستـــان دا وکـتێبـــەکـــەش پێش سالی (1962)
تەواونـەبـوو چونکـە ئەم مێژ ووە لە لاپەری (278)دا دێ
ئەگـــەر چی ئێمـــە نازانین کەی تەواو کردوویـان کەی لە
چاپی داوە چونکە خوشکە ئاواز ئەمەی بەبێ نرخ زانیوە تا
باسی سالی چاپکـــردنی کتێبـەش کە ئە بێ لە سەر پشتی
هەبێ ـ نەکـردوە کەئێستـا پێـویستی‌مـان پێیـەتی لەمەش
سەیـرتـر ئەمـەیـە کە باسی ئەوەشی نەکردوە کە کتێبەکە بە
چی زمـانی دانـراوە ولـەچی زمانێکەوە وەری‌گیراوەتە سەر
عەرەبـی بەڵام زۆر باش بووکە وەرگـێـــری کوردی کاك
حەمە سەعید ئەمەی ساغ کردوتەوە کە لەفرنسی یەوەکتێبە

که کراوتـه عەرەبی (ئـەگەرچی ناوی دانەر لەسەر بەرگی دەرەوەی کوردیەکەنیە) ئایا پێویست نەبوو لەسەر وەرگێڕی عەرەبی کە پێشـەکی یەك بنـووسێت ویـان هەرلـە (كلمة الختام)دا باسی ئەوەی کردبایە کە توما بواخەڵکی کوێیەو بەچ زمانێك کتێبەکەی داناوەو کەی تەواوی کردووە ؟ ویان کەی بڵاوی کردووتـەوە؟ دوورنییـە ئەم شتانە روون ببوایە هەر لە پێشـــەکیـەکـەی دانـەر خۆیدا بەڵام ئێستـا هیـچ پێشـەکی یـەك لەگـەل تەرجـەمـەی عەرەبی دانییە ئایا هەر لەبنـەرەتدا نەبووە؟ ئەمەش إحتماڵێکی دوورە یان هەبووە وخوشکە ئاواز فرێیداوە لێرەدا ئەمەوێ بڵێم کە پێویستیمان هەیە بە خۆماندوکردن ووردو فراوان بون لە بەحس وقوڵ بوون لە لێکـۆڵینـــەوە وریـــك وپێکی کتێب بە گوێــرەی (منهـج البحث العلمي) بۆنمونە باتەماشای بەرێز (سامي بن السيـد خمـاس الصفار) بکەین کە چۆن پارچەیێك لە دەستنـــووسی (تـــاريـــخ أربــل) یێ (ابن المستـوفي)ێ هەولـێـــری لە دووبـــەرگی گەورە دا ساغ کردوەتـــەوە کە (1744) لاپـــەرەیـــەو تەنیـا (429) لاپـــەرەیێ هی (ابن المستـوفي)یـە باقیـەکـەی (1315) تەحقیقاتی خۆیەتی لەسەر ئەو پارچە دەستنووسەی مێژ ووی شاری هەولێرە.

بەرگی دوەم کە (988) لاپـــەرەیـە یەکســەر هەمــووی تحقیقـاتی خۆیەتی تا ئەیتوانیـیە ئەم تەحقیقە فراوانە بکە تەنیـا ئەوسەرچاوانـەی کە سود لێیـان وەرگـرتـوە (524) سەرچـــاوەیــــە. هەر لە رێـگـــەی ساغ کردنـــەوەی ئەم دەستنـوسـەدا لە دەیـان نامەخانەکان چەند ولاتێك گەراوە وەکو بریطانیا و ایرلندە و تورکیە وچەند ولاتێکی عەرەبیش.

خۆزگا ئێمەش (نوسەر ودانەرانی کورد) کەئەم جۆرە کتێبە ئەبینین دەرسیـان لێ وەربگـرین وبـۆخۆمان بمان کردبانە سەرمـەشـق بۆ وورد بونـەوە پەل هاویشـتن لە باس و لێکـۆڵینـەوەدا ، ئێمـەش ئەم جۆرە رێبـازەمـان گرتبایە لە بەرهەمەکانمان دا. زۆربەی ئێمە کە دەست بە دانان یان لێکـۆڵینـەوەی کتێبێـك ئەکـەین هەوڵ ئەدەین بە زووترین کات وبـە کەمتـرین رەنج و لێکۆڵینەوە تەواوی بکەین وبە پەلە پەل بیخەینە ژێر چاپ.

پەراوێز:

1 ـ گارزان ناوچەی (غەزان)ە کە ناوچەیەکی کشت کاڵی وبـەنـاوبانگـە لە قەزایی (قـوتەلان) لە ولایەتی (سێرت ـ سعـرد) لە کوردستانی تورکیە. شاری غەرزان کە لە سەر چاوەکـــانی دا بە ئەرزەن (أرزن) ناوی هاتـــووە شارێکی کۆنی کوردستان بووە لە پێش ئیسلام دا تا سەدەی یازدەیێ زایـیـنی هەبـــووەو زەردەشتی لێ هەبـــوون وتـــا سەدەی سێـــزدەش ئەم شارە هەر لە سەرخـــۆ بوویـــە تا نەخوشخانەیەکیشی لێ هەبووە بەڵام بە داخەوە ئەم شارە وێـران بووە تەنانەت جێگەی لە زۆر مێژ ونوسان بزربوە لە هاویـنـی 1977 کە چوم بو دیـتنی جێگـــەی ئەم شارە لە پشت دێ (شيخ يونس) ـ سەر سام مام کە لە جێگاکەیدا ئێستـا گەنم ئەچینـرێ وبەردەکـانیـان نیـان هەڵ قەنیوە بۆ رێگـای شەمـەنـدفـەر وشتێکی کەم لە قەلاتەکەی لە سەر روبـاری غەرزان (سـربط) ماوەویێ ئەڵێن (خراپ باژار) باسـی ئەم شارەم نوسیـــوە لە کتێبـــەم دا : (گەشتــەکی ئەرکیولوجی د کوردستان باکوری دا ل 599 ـ 624).

2 ـ وێنـــەیێـــك لە وێنـــەکـــانی هەلکـەنـدراوی شاخی (نـەمـرود)مـان لە کتێبـەکـەماندا (الدولة الروستكية في كردستـان الـوسطى ب 1 ل 25) دا بڵاوکـردوە هەروەهـا وێنەیێکی تریش لە گوتارەکەماندا «جسر زاخو الاثري» لە گۆڤاری (بين النهرين) ژمارە 28 سالی 1979.

3 ـ دێ (بێنات) دکەوێ باکورێ (فنك) بەماوەی 20 کم ویـــازیـــاتـــر بەلام نیـزیکی (فـنـدك)ە لەلای باشـووری رۆژهـــەلاتـــەوە لە سەرچـــاوە کلێســـەیی یـــەکـان کان و ئیسـلامیـەکـانـدا بە «باعيناثا» ناوی هاتوە لە سەدەی دەی زانیینی دا (مقـــدسی) گوتـویـەتی : باعینـاثـا لە (25) گەرەك پێك دێ باغ ئەکەونە نێو بەینیان وئەڵێ جێگەیەکی

وا خوش له عیراق نییه تەماشای کتێبەکەی بکه : (أحسن التقـاسيم في معـرفة الأقاليم ل 139) هەروها ابن حوقل وعمـاد الـدين الاصبهـانى ويـاقوت الحموى ش ناويان هێنـاوه بەلام باسى دارستـانـه سنـنۆبـەرەکەيان نەکردووه هەروەهـا باسى زەيتونەکانيش چونکه زەيتوونێکى زۆرى لێ هەيـه . له مانگى تمـوزى 1977 چووم بو بێنـات بۆ ديتنى ئاســارى مزگـەوت ومـەدرەسـه کۆنـەکـەى وئێستـا دێيەکى دەورى (20) تا (30) ماڵەيه لەگەل «عەوينا» که سەر چاوەى روبـارى بێنـات (روبارى باعەيناثا ـ باعيناثا) لەوێ هەڵـدەقـولێ . ئەوا بابـەتى گوتنـه تائێستـا نەزانراوه درەختى سنـۆبەر لەم جێگايانەدا سروشتى‌يه ويان دەست چێنه کەمن لەو بارەوەدام که دەست چێن بێ .

4 ـ وکو :

NUZI PESONAL NAME :

ERNIST R. LACHEMAN . g 4 g

ژمارەى له کتێبخانەى موسسەسەى ئاسار 12573 / 49 . 4 . 6

5 ـ ئەم باسـەى خوارەوه زور گرنگـه دەقى برێـك کلیشـه مسمـــاريـەکـانى گردى (شمشـاره) تێـدايـەو 94 لاپـەرە وشــايـــانى وەرگێـرانـدنـه بو کوردى : THE SHEMSHARA TABLETS JQRGEN LAESSQE

کوبنهـاگین 1959 ژمـارەى له کتێبخانەى موئەسسەسەى ئاسار 28000 / 59 . 11 . 24 .

6 ـ محمــد مردۆخ / ميــژوێ کوردو کوردستـان ل 20 وەرگێراندنى محمد فدا .

7 ـ جورج کونتینو / الحياة اليومية في بلاد بابل وآشور ل 263 .

8 ـ هەر سەرچاوەى پێشو ل 168 .

سەرچاوەکانى لێکولینەکه :

1 ـ المقدسى / أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم چاپى ليدن 1906

2 ـ داودا الأنطـاكى / تذكـرة أولى الألبـاب والجـامع للعجب العجاب چاپى مصر 1952 .

3 ـ شرفخان البدليسى / شرفنامه چاپى قاهرة

4 ـ محمد آمين زکى / تاريخ الكرد وكردستان چاپى 1961 .

5 ـ آدم متز / الحضارة الاسلاميه في القرن الرابع الهجرى چاپى دووەم 1947

6 ـ جاك ريسلر / الحضارة العربية .

7 ـ دائرة المعارف الاسلاميه

8 ـ احمد سوسه / فيضانات بغداد في التاريخ : القسم الأول 1963

9 ـ محمود الأمين / الكاشيون 1963 .

10 ـ هي سنتان في كردستان بغداد 1973

11 ـ ادمونرز / كرد ترك عرب طبع سنة 1971.

12 ـ طه باقر وفؤاد سفر / المرشد الى مواطن الآثار والحضارة

13 ـ زينفون / مسيرة العشرة آلاف عبر كردستان صلاح سعدالله کردوەته بەعەرەبى 1973

14 ـ دیارکونوف / میدیا تەرجەمەى کوردى 1978 .

15 ـ جورج كونتينـو / الحيـاة اليـوميـة في بلاد بابل وآشور چاپى بغداد 1979

16 ـ سيتون لويد / آثار بلاد الرافدين چاپى بغداد 1980

17 ـ فرهنگ عميد چاپى تهران .

18 ـ محمد التونجي / المعجم الذهبي الطبعة الثانية 1969

19 ـ HUSEYIN SARACOGLU: DOGU ANADOLU. ISTanbuL 1956

20 ـ HAYAT : TURKIYE FENSIKLOPEDISI استانبول 1970

21 ـ محمد مردۆخ / مێژوى کوردو کوردستان به زمانى کوردى گورينى محمد فدا چاپى بەغدا 1958 .